FONDS RÉGIONAL D'ART CONTEMPORAIN
DE LORRAINE

1BIS RUE DES TRINITAIRES F-57000 METZ
TEL 0033(0)3 87 74 20 02
INFO@FRACLORRAINE.ORG
WWW.FRACLORRAINE.ORG

گای ڕۆژنامەبڵاونامەرای

# رگێڕنگی وەدە

↘

**٣ ئایار، ٢٠١٥ـم |٣٠ کانوونی دووەه**

شداوربووان:بەه Erik Bünger, Luis Camnitzer, Rainer Ganahl, Dora García, Joseph Grigely, Susan Hiller, Christoph Keller, FabriceSamyn, ZinebSedira, MladenStilinović, Nicoline van Harskamp, Frank Westermeyer& Sylvie Boisseau, Ingrid Wildi Merino

ریکر: مارتین ولادمیاودچ
نجی ری گەیاتی چاودڵی خەبراوە
SFKM٢٠١٤/ فرانک لوورای/

FRAC –پیشانگای
Lorraine,MARCO, Museo de Arte Contemporánea de Vigo, 49 Nord 6 Est and Sogn og Fjordane Kunstmuseum

www.fraclorraine.org

ئەمڕۆ وەرگێڕان لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیە: ئاسانکاری بۆ بازرگانی نێودەوڵەتی، تواناپێدانی وتووێژی سیاسی لە نێوان سەرکردە سیاسیەکان، لێکدانەوەی دەنگ و باسی ڕۆژانە، ڕێپێدان بە پەیوەندی سەرهێڵی کیشوەرەکان و وولاتەکان، و ناساندمان بە فیلم و ئەدەبیاتی بیانی. زۆری ئەو شتانەی کە ئێمە سەبارەت بە جیهان دەیزانین لەلایەن وەرگێڕانەوە دەگاتە دەستمان، و هەروەها کە ڕەوت و توندی پەیوەندی و جم و جۆڵی جیهانی خێراتر دەبێت پێویستی بۆ وەرگێران گەشە دەسێنێت.

وەرگێڕان زۆرجار پەیوەندیدارە لەگەڵ لەدەستدان. ئەگەرچی، زمانەکان و کەلتورەکان ڕێگای جیاواز نین بۆ دەربڕینی یەک شت، بەڵام ڕێگای جیاواز هەیە بۆ وتنی شتە جیاوازەکان. لەبەر ئەوە وەرگێڕان لێنزیکبوونەوەیە و هەروەها ئەرکێکی میانگری بە بێ سنوور و بە زەحمەتە بۆ دەربڕینی ئەزموونە جیاوازەکانی مرۆڤەکان.

ئێمە چۆن دەتوانین بیربکەینەوە سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان زمانەکان نە وەک گرفت و زەحمەت، بەڵکوو وەکوو سەرچاوەیەک بۆ داهێنان و فێربوون؟ چۆن دەتوانین تێبگەین لە جیاوازی جیهان لەڕێگای زمانە جیاوازەکانەوە؟ ئایا وەرگێڕان دەتوانێت ببێت بە شوێنێک بۆ چالاکیە گرنگ و هەستیارەکان یان تەنانەت چالاکیە تێکدەرەکان؟

سەردێڕی ئەم پڕۆژەیە، "دەنگی وەرگێڕ"ە، کە دوو خاڵ ئاراستە دەکات. لە لایەکەوە، بیرۆکەی ڕەچاوکردنی چالاکی و – دەنگی- وەرگێڕان پوختە دەکات، و ڕێگەدەدات کە ببێتە بنەما و سەرچاوەی بێ هاوتای زانست دەربارەی سرووشتی جیاوازی کەلتوورەکان.

لە لایەکی دیکەوە، وەرگێڕ دەبێتە خوازەیەکی گرنگ بۆ حالەتەکانی زمانەوانی جیهانگەری و سەردەمی پۆستکلۆنیکاڵ: پێویستی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر- و شادی و ئازار- بە فیربوونی زمانی بیانی ، چەند زمانی خۆویستانە و خۆنەویستی کۆچبەرەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی چڕی نێوان زمانە "جیهانیەکان" و کەلتورە " ناوچەییەکان"؛ و دیاردەی کەلتورە دووڕەگەکان و "شێوەزارەکان" ڕێگاکانی قسەکردن و ئەزموونکردنی جیهانن.

پاشان وەرگێڕان تەنها پیشە یاخود چالاکییەک نیە. وەرگێڕان حاڵەتەکانی مرۆڤ پیشان دەدات. و زۆر جار ئێمە خۆمان لە ڕۆڵی وەرگێڕێکدا دادەنێین....

ماير والد مارتن
2014 لندن